# بەهەشتی زیندان

کورەکەم نەبێتە عەسکەر..!!

لە سویدەوە، شێرزاد هەینی دەینوسێ
heinisherzad@hotmail.com

ڕێگایەکی باریکی خۆلاویی، لەناو دارستانێکی چڕو سەوزو زۆر جوان، دەچێتە بەردەرگاو ناو حەوشەیان. خانووەکەیان دوو نهۆمی جوانە. بۆ ئەسپە نازدارەکانیان، بۆ پشیلە رووسیە لووت و لمووز ناسکەیان، بۆ سەگە ئارموشەکەیان، بۆ داری بڕاوو، بۆ هەموو جوانیەکان، لەو خانووەیاندا شوینی تایبەتیان داناوە.

وادەزانی چەندین ساڵە لێرە ژیاون. جوان و پوخت خۆیان دامەزراندبوو. بە چەند هەزاری مارکی جارانی ولاتەکەیان ئەو مولکەیان، بۆ حەوانەوەو بۆ هێمنی و بۆ مەلەوانی و راوە ماسی و پیاسەی ئێواران و دوورکەوتنەوە لە دەنگە دەنگی شارە گەورەکان ئەلمانیا ئەو خانووە نازدارەیان کرییوە.

هەموویان پەرۆشن تا چەندی زووە زمانەکە فێربن و جوان و زۆرتر ئاوێتەی رۆژانەی ئەو کۆمەل و شارو کارکردن بن. ئەو ولاتانە، میللەتانی ئەو ولاتە ئەوروپایانە ئازادییان داوە بە هاونیشتیمانیان لەکام ولات، لەکام دارستان، لەکام گوندی جوان مولك بکڕن و بژین ولەهەموو مافەکان خاوەن ماف بن.

پیرەژنەکەی دایکیان لە هەردوو کورو کیژەکەی پەرۆشتربوو، زووتر زمان فێربێت. بە هەموو دلێیەوە بە ژیان و سروشت و مامەلە و بریارو یاساکان رازی و رەزامەندبوو. وەك منالێکی ئێسکسوك، وەك کیژێکی قردێلەلەسەری نەمام، رووی لە مامۆستاکە دەکردو زۆر بە جدی پرسیارو وەلآمی هەبوو.

ئەو ولاتە جوانە..!! لەلای ئێمە زۆرتر، ئەوان بایەخ بە جوانی و ناز دەدەن. پەنجەرەکانیان تابلۆیە . رەنگ و جوانی و سەلیقەی بۆ رازاندنەوە بەکاردەهێنن. زۆر بایەخ بە سروشت دەدەن، دارستانەکانیان زۆر چاك پاراستووە، ژینگە زۆر پاکە، ئاووهەوا بێگەرد، ئەو ولاتە ئارامە، جریوەی مەل و نازو تریفەی گوڵ و مەندی شەپۆلی ئاو سەرسامت دەکات. دایکیان زۆر دلّی بە هاتن و دامەزراندنیان خۆش بوو. زۆر پەشیمانی رادەگەیاند، کەوا زووتر نەهاتوون..!! هیچ تەگەرو سنوورو بریارێك رێگایان ناگرێ، بۆ زووتر نەدەپەرینەوە..!! ئەو بەنەرمی و بەهەموو بروایەکەوە دەیووت:

بریا زووتر هەوارمان بۆ ئەو ولاتە هێمن و ئارامە بگواستبایەوە..!!

پەرینەوە و هاتن زۆر ئاسان و ئاساییە، هاتن و پەرینەوەو دەربازبوون لەسنوور هیچی ناوێت.

کرِینی مولك و کاردۆزینەوە، خوێندن و گەڕان و هاتن و چوون و گەڕانەوە، پرسیارو لێپرسینەوەی لەسەر نییە.

ژنەکە بەنەرمی و لەسەرخۆ تا جوان و رەوان لەیەك حالّی بین، دەدوا:

زۆر دلّشادم، زۆر بەختیارم، هەموومان رەوش و ژینەکەمان لا خۆشە، ئەو هەوارە بەهەشتەو دوورە زیندانە..!

© Kurdistan Net

- بەلاّم..!! نیگەرانم، دەترسم ..!؟؟

- بۆ..؟؟!

- لەبەر ئەو کورەم..!! کورەکەم ئەو ساڵ، هەژدە تەواو دەکات، تەمەنی سەربازییەتی، دەبێ بچێتەوە ئەلمانیاو خزمەتەکەی خۆ تەواو بکات، ناچارین و ئەوەش ئەرك و فەرمانی نیشتیمانییە، با لە دەرەوەش بین، هەردەبێ بۆ ئەو ئەرکە قوورسە بگەرێتەوە..!! هەشت مانگ عەسکەریی زۆرە، دیارە ناوچەکە ئاڵۆزەو شەڕ لەدەرگای داوین، نابینن.!!؟؟ وا دوو سەد سەربازمان چووەتە ناو خاکی بەگڕی ئەفغانستان، وا هێدی هێدی گەنجەکانمان لە سنوور دووردەکەونەوەو دەکەونە ناو گێژاوی شەڕ، دەترسم.. لەشەر دەترسم، ژانی شەڕمان لەبیرماوە..!!

- مەترسێ.. ترسی ناوێ، ولاتێك سەرژمێری هەشتا ملیۆن بێ، ئەلمانیای فراوان و سنوور درێژو خاوەن قوورسایی لە سیاسەتی جیهان، هەر دوو سەد گەنجی سەربازی، لە دووری ماڵەوەبن ..!! هیچ نییە، ترسی ناوێ، ئەدی چی بەو ولاتە بەستەزمانەی خۆمان، بەو بەهەشتە فراوانەی ناوچەکەمان دەبێژیت، دوو سەدەیەو بەبەردەوامی شەری خوێناویی تێدا بەرقرارە، هەزارەها کوشتارو زامدارو کەمئەندام ..... تێدایەو بەردەوامە. ترسی ناوێ، با بچێتە عەسکەریی، عەسکەریی ئێوە لەچاو عەسکەریی ولاتانی ئێمە سەیران و گەشتە..!!

© Kurdistan Net